# ڕێبوار عارف ڕەمزی پارێزەری ئازادییە سیاسییەکان
# جارێکی تر لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیردەکرێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە

ریبوار عارف ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، سەر لە ئێوارەی ڕۆژی یەك شەممە بەرواری 15 / 5 / 2005 لە هۆلی "دۆست شەقامی سالم" لەشاری سلێمانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری بەست ، لەپەیوەند بە هەفتەی زیندانی بوونی لە ئاسایشی سلیمانی و چۆنیەتی مامەلەکردن و هەروەها خستنە ڕووی چوارچیوەی شکاتنامەیەك لە عمر فەتاح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی سلیمانی ..... جێگەی ئاماژەپیێ کردنە  کە لەم کۆنگرەیەدا ، تەلەفزیونی زەحمتکیشان ، هەفتەنامەی ئالای ئازادی ، بلاوکراوەی ئوکتۆبەر ، هەفتەنامەی لیبرال ، رادیو نەوا ، ڕادیوی هاوپشتی، رادیۆی زەحمتکیشان و هەفتەنامەی هاولاتی بەشداریان کرد.

سەرەتا زمناکۆ عزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، باسەکەی ناساندو ڕونکردنەوەیەکی کورتی دا لەسەر ئامانجەکانی سازدانی ئەم کۆنگرە رۆژنامەگەری یە. پاشان ریبوار عارف ئاماژەی بە هۆکاری دەستگیرکردن و هەلویستی ئاسایشی سلیمانی و بریاری دەستگیرکردنی کرد لە لایەن سەرۆکی حکومەتی هەریمی سلیمانی یەوە و پرۆسەی لیکولینەوە ڕەد کردنەوەی هەموو دواکاریەکانی ئاسایش و خستنە ڕووی مامەڵەی ناشارستانی ئاسایش و چۆنیەتی بریاری ئازادکردنی ... پاشان ڕۆژنامەوانەکان چەندین پرسیاریان لەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی مەسەلەی زیندانی کردنی ریبوار عارف و ئەو  تەسریحاتانەی کە لەلایەن لێپسراوانی ئاسایشی سلیمانی درابوو خرایە ڕوو کە هاوکات وەلامیان پێدراویەوە.

شایەنی باسە پاش تیپەربوونی نیو سەعات بەسەر کۆنگرەکەدا، ئاسایشی سلیمانی هاتنە بەردەم هۆلی کۆنگرەکەو وویستیان کە کۆتایی بە قسەوباسەکانی ریبوار عارف بهێنن بەلام بەهۆی ڕاوەستانەوەی هاورێ یانی حزبەوە ڕێگە بەوکارە نەدرا تا پاش کۆتایی هاتنی کۆڕەکە پاشان ئاسایش ڕێگەیان بە ڕۆشتنە دەرەوەی ڕیبوار عارف و چەند ڕۆژنامەوانێك گرت و پاش قسەوباسێك بردنیان بۆ ئاسایشی ڕزگاری و دوای نزیك بەسەعاتێك لێکوڵینەوەو قسەو باسکردن لەسەر گرتنی ئەم کۆنگرەیە، ئاسایشی ڕزگاری بەهانەی وەرنەگرتنی ئیجازەی کردە هۆکارێك بۆ بە ناقانوونی لەقەلەمدانی ئەم کۆنگرەیە. بەلام بەهۆی ڕاوەستانەوەی ڕیبوار عارف و ڕەدانەوەی هەموو بەهانەکانیان بەپێ ی ئەو ئیدعایانەی کە حزب و حکومەتی یەکێتی دەیکات، ئاسایشی ڕزگاری ناچار بوو کە جارێکی تریش ڕیبوار عارف و هەرسێ ڕۆژنامەوانەکە ئازاد بکات و ئەم جارەش پیلانێکی تری دژ بە ئازادی هەلسورانی سیاسی ، ئازادی ڕادەربڕین پوچەڵبکرێتەوە.

## جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان

پاش ئەوەی کە هیچ بیانویەك بەدەست سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە نەما بۆ زیاتر زیندانیکردنی "ڕیبوار عارف" لە ڕۆژی 5/11دا ئازادیان کرد، ئەمجارەیا وا لەژێر ناوی نا قانونی بونی بەستنی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەیدا دیسان دەیبەنەوە بۆ ئاسایش‌و لەگەل چەند ڕۆژنامەوانێکدا، دەستگیریدەکەنەوەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن‌و ئازادی دەکەنەوە. ئەم بێنەو بردەیە بێنەو  خەباتێکی ڕۆشن‌و ئاشکرای نێوان بزوتنەوەیەکە لە پیناو دەستەبەرکردنی ئازادییە سیاسەکان بۆ خەڵکی کوردستان‌و بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد کە دەسەلاتداریێتی کوردستانی بەدەستەوەیە و ئازادیە سیاسیەکان پێشێل دەکات‌و خۆی کردۆتە بەربەستێکی گەورەی بەردەم جێبەجێبونی ئەم خواستەی خەڵکی کوردستان.

دەسەلأت‌و ئیدارەی سلێمانی، لە ژێر ناوی ئەو "یاسا" یەی کە کەس نەیبیستوەو نازانێت چی‌یە دەیەوێت دەنگی ئازاد سەرکوت بکات. بەلأم یاسا بۆیە پی‌ی دەوترێت یاسا کەبۆ هەموو دانیشتوانی وولات ڕۆشن بێت‌و هاوولاتیان بزانن چوارچێوەی ماف‌و ئەرکەکانیان چی‌یە. بۆیە لەسەر دەسەلأت‌و ئیدارەی سلێمانی پێویستە ڕابگەیەنێت، کە یاساکانی کامانەن. ئەگەر یاسا کۆنەکانی بەعسن ئەوە بۆهیچ کەس جێگای قبول نیەو بۆ ئیمەش جیگای ئیدانەیەکی توندە، ئەگەر یاسایەك هەیەو ئاشکرا نەکراوە با ئاشکرا بکرێت تاکو دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بزانن چۆن دەتوان ڕای خۆیان دەربڕن، کە جەماوەری کوردستان لە سلێمانی‌و هەولێرو ناوچەکانی دیکە بە ئاشکراو لە ڕیگای خۆپیشاندانەکانی‌مامۆستایان، خوێندکاران، مامۆستایانی زانکۆی صەلاحەدین، مافپەروەران، کرێکاران فەرمانبەران‌و کرێکارانی کارەبا... بەشێوەیەکی ڕۆشن خواستی دەستەبەرکردنی ئازادییە سیاسیەکانیان نیشان داوە بە دەسەلاتداران‌و ئیدارەکەیان. بۆیە ئەم کارەی ئاسایشی سلێمانی، پێشێلکردنێکی ئاشکرای ئازادی ڕادەربڕین‌و ئازادی ڕۆژنامەگەری‌و ئازادیە سیاسیەکانە، دەبێت لە لایەن هەموو ئینسانێکی ئازادیخوازەوە جیگای ئیدانە کردن بێت.

**ڕێکخراوی کوردستان - حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق**

2005 / 5 / 16